مەندەلاوی جێخت لەتەواوکردنی پڕۆژەکانی بەغدا دەکاتەوە



ئەمڕۆ یەکشەممە "موحسین مەندەلاوی" جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەران،جێختی لەسەر پێویستی دەستپێکردنی هەڵمەتی فراوان کردەوە بۆ تەواوکردنی ئەو پڕۆژانەی کە لە بەغدا ماونەتەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-ئەمڕۆ "موحسین مەندەلاوی"جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران بەئامادەبوونی ژمارەیەک پەرلەمانتار ،لە نووسینگەی خۆی لەگەڵ "عەمار موسا "ئەمینداری بەغدا و ستافی پێشکەوتووی ئەمندارییەتیەکە کۆبوونەوە .

"مەندەلاوی"جێختی لە پێویستی هەوڵی زیاتر بۆ گۆشەپێدانی واقیعی پایتەخت کردەوە، بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە سەرجەم هاووڵاتیان، و گرنگیدانی زیاتر بۆ ناوچانەی کە چەی دانیشتووانیان زۆرە، ئەو جگە لە دەستپێکردنی هەڵمەتی فراوان بۆ تەواوکردنی ئەو پڕۆژانەی کە پێویستن و لەبەغدا ماونەتەوە.